# نوێژ کردنی ئافرەت لەسەر مردوو لە ماڵەوە

< کوردي >

شێخ محمد صالح العثیمین

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# صلاة النساء على الجنازة في البيت

< كردي >


محمد بن صالح العثيمين



ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



IslamHouse.com

# نوێژ کردنی ئافرەت لەسەر مردوو لە ماڵەوە

**ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد بن صالح العثیمین کراوە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :**

**پرسیار :** ئایا دروستە ئافرەت ئەگەر مردوویەکیان لێ مردبوو کە ژنان وئافرەتانی خزم و کەسوکاری کۆ بکاتەوە ولەماڵەوە لەسەر مرودوەکە نوێژی مردوویان بۆ بکات ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

هیچ ئیشکالێکی تێدا نیە ئافرەت نوێژ لەسەر مردوو بکات، جا لە مزگەوت بێت لەگەڵ خەڵکانی تردا، یان لەماڵەوە لەگەڵ ئافرەتانی تردا نوێژی لەسەر بکەن، چونکە ڕێگری ناکرێت لە ئافرەتان کە نوێژ لەسەر مردوو بکەن، بەڵکو تەنها ڕێگری ئەوەیان لێ دەکرێت کە بچنە گۆڕستان، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەفرینی کردووە لەو ئافرەتانەی کە دەچنە گۆڕستان ولەو کەسانەش کە گۆڕستانەکان دەکەنە مزگەوت و چراخان، ئەم نەفرینە لە ئافرەتان کراوە ئەگەر هاتوو مەبەستیان سەردانی کردنی گۆڕستان بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو بە کارێکی خۆی بەلای گۆڕستانەکاندا تێپەڕی ئەوە هیچی تێدا نییە کە بوەستێت و سڵاو لە مردووەکان بکات ونزا و پاڕانەوەیان بۆ بکات لای خوای گەورە ..

خوای گەورەش زاناترە ...

سەرچاوە : زنجیرە چاوپیکەوتنی مانگانە، چاوپیکەوتنی مانگانەی ژمارە (1) .